# ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا
## ( لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوە )


پ.د. جەزا تۆفیق تـالیب　　م. شاد حمید محمد　　م. ئەحمەد ڕەفیق کەریم

زانکۆی سلێمانی

بەشی جوگرافیا


ڕووداوەکانی هاتووچۆ یەکێکە لەو دیاردانەی لە سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا و لە کاتی ئێستادا هەموو جیهانی گرتۆتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژە و برەکەی زیاد دەکات بێگومان ئەمەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت بەڵام دەتوانین بڵێن هیچ ناوچەیەکی جیهانی لێ بێبەش نییە. بەجۆرێك لە زۆر لە وولاتانی جیهاندا بۆتە پلەی یەکەم بۆتە هۆکاری برینداربوون و گیانلەدەستدانی دانیشتوانەکەی. بۆ نموونە ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی دەڵێت ساڵانە ملوێنێك و دوو سەد کەس گیانلەدەستدەدەن و سەد ملیۆن کەس بریندار دەبن و ٦٥ ملیۆن دۆلار زیانی مادی دەکەوێتەوە و پێشبینی دەکات لە ساڵی (٢٠٢٠)دا زیانەکان (٨٠٪)زیاد بکات[١]. بێگومان ئەم ڕووداوانە هەرێمی کوردستانی عێراق گرتۆتەوە و بۆتە دیاردەیەکی ڕۆژانە بەهەموو ناوچەکاندا بڵاوبۆتەوە و بەردەوام ڕێژەکەی لەگۆڕاندایە چونکە تاکە هۆکاری گواستنەوی ناوخۆی پارێزگاکەیە و تاکو ئێستا گواستنەوەی ئاسمانی بەپێی پێویست نەبووە بۆ ناوچەکە بۆیە دانیشتوان ناچارن بۆ بەشێکی زۆری گەشتە دەرەکییەکانیش بەکاریبهێنن. بێگومان دەزانین هۆکاری ڕوودانی ئەم دیاردەیە جۆراوجۆرە سەرەکیترینیان (مرۆڤ، ئۆتۆمبێل، ڕێگاوبان) بەڵام هۆکارەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێن بۆیە ئێمە لێرەدا بەباشی دەزانین بەپێی پارێزگاکان هۆکارەکان بخەینەڕوو و بەراوردکاریان بکەین لە نێوانیاندا بەتایبەت لەکاتی ئێستادا کە دەنگۆی جۆراوجۆر هەیە لە نێوان پارێزگاکاندا بەهۆی شێوازی دابەشبوونی ئەم ڕووداوانە و بەشێکی زۆری بە لایەنی سیاسی و ئیداریەوە دەبەستنەوە واتا دیاردەکە زیاتر کراوە بە دیاردەیەکی حزبی بەهۆی ئەو دەسەڵاتە نا سەقامگیرەی لە هەرێمەکدا هەیە. بۆیە ئێمە بەباشمان زانی بەشێوەیەکی ئەکادمی هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە بۆ ئەم ڕووداوانە بکەین.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە یەکێکە لە هەنگاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەی جوگرافی کە بەهۆیەوە توێژەران دەگەن بەدەرئەنجامی وورد بۆ بابەتی توێژینەوەکە، دانانی چارەسەری پێشبینکراو بۆ ئەم کێشانە. دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

---

(١)بەختیار محمد عبدوڵڵا، بۆسەکانی مەترسی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، چ١، چاپخانەی شڤان،سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٩.



e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)

١-ئایا ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەر سێ پارێزگاکەدا وەك یەکە یان لێکجیاوازن؟

٢-ئایا گواستنەوە و هۆکارەکانی گواستنەوە لە هەر سێ پارێزگاکەدا وەك یەکە یان لێکجیاوازن؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

بریتییە لە چارەسەرکردنی سەرەتای پێشبینیکراو بۆ کێشەکانی توێژینەوەکە، کە توێژەران دەتوانن لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی بەدەستیهێناون لەسەر بابەتی توێژینەوەکە بخەنە ڕوو. گریمانەکانیش بریتیین:

١- ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەر سێ پارێزگاکەدا لێکجیاوازن.

٢- گواستنەوە و هۆکارەکانی گواستنەوە لە هەر سێ پارێزگاکەدا لێکجیاوازن.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە:**

هەموو لێکۆڵینەوەیەك پێویستی بە میتۆدێك یاخود چەند میتۆدێك هەیە، بەمەبەستی زیاتر خستنە ڕووی زانیارییەکانو شیکردنەوەیان ئەوا لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە میتۆدی شیکاری بەراوردکاری.

**چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٤)مان وەرگرتووە واتە ساڵانی پاش پرۆسەی ڕزگاری عێراق واتە ئەو کاتەی هەرێم لە ڕووی داهاتە بەشە بوودجەی لە بەغدادەوە وەردەگرت.

**چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە:**

شوێنی توێژینەوەکەمان هەرێمی کوردستانی عێراقە، واتا ئەو هەرێمەی کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبەر ئەوەی توێژینەوەکەمان بەراوردکارییە لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمدا بۆیە هەر سێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك)مان وەرگرتووە واتە ئیدارەی گەرمیان ناکەوێتە سنووری لێکۆڵینەوەکەمان چونکە پارێزگایەکی سەربەخۆ نییە لە سنووری حکومەتی هەرێمدا وە پارێزگای هەڵەبجە وەك بەشێك لە پارێزگای سلێمانی دانراوە چونکە تاکو ساڵی ٢٠١٤ بەشێك بووە لەم پارێزگایە وە لەم ساڵەدا کەکراوە بەپارێزگا تاکوو ئێستا سنوورێکی دیاریکراوی نییە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (١).

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا باس لە چەند بابەتێك دەکەین ، هەر بۆیە توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ باس. باسی یەکەم چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە ئەمەش دابەشدەبێت بۆ دوو تەوەر، تەوەری یەکەم ڕووداوەکانی هاتووچۆ و تەوەری دووەم قوربانیانی هاتووچۆ. باسی دووەم بریتییە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ ئەویش دەبێتە چوار تەوەر، تەوەری یەکەم تیژڕەوی شۆفێران و تەوەری دووەم ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل و تەوەری سێیەم زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و تەوەری چوارەم مۆڵەتی شۆفێرییە، باسی سێیەم بریتییە لە دابەشبوونی جوگرافیی ڕووداوەکانی هاتووچۆ کە کراوە بە دوو تەوەر، تەوەری یەکەم دابەشبوونی جوگرافیی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەپێی ڕووبەری یەکە کارگێڕیەکان (قەزا)، تەوەری دووەم دابەشبوونی جوگرافیی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەپێی ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕیەکان (قەزا). لە کۆتایدا دەگەین بەچەند ئەنجامێك و ئاماژە بەچەند پێشنیارێکیش دەدەین.

نەخشەی ژمارە (١)

شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەرانان بە پشت بەستن بە:

١- هۆشیار محمد امین خۆشناو، هاشم یاسین حداد، سردار محمد عبدالرحمن، نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر، ٢٠٠٧، پێوەر ١:١٠٠٠٠٠٠.

٢- ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا)،چ١، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٦٤.

٣-Kurdistan highway master planm,diagnostics review report, dar al handasa, 2010,p68.

**باسی یەکەم: دیاریکردنی زاراوە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە**

هەر توێژەرێك بیرۆکەیەکی جیاوازی هەیە سەبارەت بەزاراوەکان، خستنەڕووی ئەم زاراوانەش گرنگە بۆ ئەوەی ڕوانگەی توێژەران بزانرێت سەبارەت بەو توێژینەوەی ئەنجامی دەدات. لێرەدا دیاریکردنی هەریەك لە زاراوەکانی ڕوودا و قوربانیانی هاتووچۆ کاریگەریان هەیە لەسەر هەموو باسەکانی تر بۆیە پیووستە سەرەتا ئەم دیاردانە دیاریبکەین تاوەکو بزانین هۆکارەکان چۆن کاردەکەنە سەریان.

**تەوەری یەکەم: ڕووداوەکانی هاتووچۆ**

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێناسەی ڕووداوی هاتووچۆ دەکات و دەڵێت (بریتییە لەو ڕووداوەی کە ڕوودەدات لە ئاکامی جوڵەی سەر ڕێگاکان... بەلایەنی کەمەوە هۆکارێکی گواستنەوەی جوڵاو هەبێت... ببێتە هۆی زەرەر گەیاندن بە سەرنشین یان ئۆتۆمبێل یان پیادە. [٢]) ڕوداوەکانی هاتووچۆ لە جیهاندا بۆتە گرفتێکی سەرەکی بێگومان ناوچەی لێکۆڵینەوش بێبەش نییە لەم گرفتە بۆیە دەبین ئەم ڕووداوانە بۆتە دیاردەیەکی ڕۆژانە بەڵام بڕەکەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیکی تر و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت وەك لە خشتەی ژمار (١)دا دیارە:

١-ڕووداوەکانی هاتووچۆ بە شێوەیەکی ئەندازەی نییە هەر ساڵێك پارێزگایەك زۆرترین ڕووداوی هەیە.

٢- پارێزگای هەولێر هەر سێ ساڵ ٢٠١٠ و ٢٠١٢ و ٢٠١٣ زۆرترین ڕووداوی هەیە.

٣- پارێزگای سلێمانی لە هەر دوو ساڵی ٢٠١١ و ٢٠١٤دا زۆرترین ڕووداوی هەیە.

٤- پارێزگای دهۆك تەنها لەساڵانی ٢٠٠٩دا زۆرترین ڕووداوی هەیە.

**خشتەی ژمارە (١)**

**ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستاندا لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٤)دا**

| ساڵ | هەولێر | % | سلێمانی | % | دهۆك | % | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٦٧٤ | ٣١.٤ | ٦٩٠ | ٣٢.١٨ | ٧٨٠ | ٣٦.٣٨ | ٢١٤٤ |
| ٢٠١٠ | ١٠٧٤ | ٤١.٩ | ٨٥٤ | ٣٣.٤ | ٦٣٢ | ٢٤.٧ | ٢٥٦٠ |
| ٢٠١١ | ١٣٩٢ | ٣٢.٣ | ٢٢١٠ | ٥١.٢٨ | ٧٠٧ | ١٦.٤ | ٤٣٠٩ |
| ٢٠١٢ | ١٢٧٧ | ٤٠.٧ | ١٢٢٣ | ٣٩ | ٦٣٥ | ٢٠.٣ | ٣١٣٥ |
| ٢٠١٣ | ١٥٠٧ | ٣٨.٥ | ١٠٨٩ | ٢٧.٨ | ١٣١٩ | ٣٣.٧ | ٣٩١٥ |
| ٢٠١٤ | ١٤٥١ | ٣١.٨ | ١٩٧٤ | ٤٣.٤ | ١١٣٢ | ٢٤.٨ | ٤٥٥٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، بەشی ئامار، ئاماری ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە ڕووداویانکردووە و تۆمارکراون لە هاتووچۆی هەرێم، بەبێ ژمارەی پەڕە.

(٢)سمير محمد غويبه، حوادث الطرق الحرب المفتوحة المشكلات و الحلول، دار زهران، الآردن، ٢٠٠٨،ص ٤٠.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شێوەی ژمارە (١)

ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستاندا لەنێوان سالآنی (٢٠٠٩-٢٠١٤)دا




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە: خشتەی ژمارە (١).

**تەوەرەی دووەم: قوربانیانی هاتووچۆ**

ڕووداوەکانی هاتووچۆ زۆرکات زیانی مرۆی لێدەکەوێتەوە جا بریندار بوونی مرۆڤەکان بێت یان گیانلەدەستدانیان، سەبارت بە گیانلەدەستدان بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە بۆ پێناسەکردنی بۆ نموونە هەندێکیان دەڵێن (گیانلەدەستدان بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بریتییە لە هەر مرۆڤێك گیانلەدەستبدات ڕاستەوخۆ لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا یان دوای سی ڕۆژ لە پاش ڕوودانی هاتووچۆیەك.)[٣] سەرچاوەکان بیرورای جۆراوجۆریان هەیە سەبارت بەو کەسانەی ڕاستەوخۆ گیانلەدەست نایەن بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ. لە هەرێمی کوردستانیشدا ئەمە بە ڕوونی دەبنرێ چونکە بەڕیوبەرایەتی هاتووچۆ تەنها ئەو کەسانە سەرژمێری ئەکات کە ڕاستەوخۆ گیانلەدەستدەدەن ئەمەش بۆتە کێشە بۆ لێکۆڵەران و ڕێکخراوەکان. قوربانیەکان لە پارێزگاکانی هەرێمدا جیاوازە بەپێی شوێن و ساڵ ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (٢) بکەین دەبینین:

١-پارێزگای سلێمانی زۆرترین برینداری هەیە لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ساڵ ٢٠١٢ بەجۆرێك زیاتر لە نیوەی برینداری هەرێم لەم پارێزگایەدایە بەڵام لە دوو ساڵی کۆتایدا ڕێژەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیووە بۆ (٢٥٪)، هۆکاری ئەمەش ناگەڕێتەوە بەتەنها بۆ ئەوەی ژمارەی بریندار زۆر کەمی کردبێت بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پارێزگاکانی تر ژمارەکەیان زۆر زیادیکردووە.

٢-پارێزگای هەولێر بە پلەی سێیەم دێت لە ڕووی ڕێژەی بریندارەوە لە ساڵی ٢٠٠٩دا بەڵام دێتە پلەی دوو لە سالآنی ٢٠١٠تا ٢٠١٢ و لە دوو ساڵی کۆتای ٢٠١٣ و ٢٠١٤دا زۆرترین ڕێژەی برینداری هەیە.

٣-پارێزگای دهۆك لە ساڵی ٢٠٠٩دا پلەی دووەمی هەیە لەڕووی ڕێژەی بریندارەوە، ئەم ڕێژەیە کەم دەکات و دەبێتە پلە سێ لە نێوان سالآنی ٢٠١٠-٢٠١٢دا جارێکی تر دەبێتەوە پلە دوو لە دوو ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤دا.

(٣)سمیر محمد غویبە، مصدر سابق، ص٤٣.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### خشتەی ژمارە (٢)

### ژمارەی بریندار بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان سالأنی (٢٠٠٩-٢٠١٤)دا

| سالٔ | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆك | ٪ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٧٤٥ | ١٤.٣٥ | ٢٩٧١ | ٥٧.٢٥ | ١٤٧٣ | ٢٨.٣٨ | ٥١٨٩ |
| ٢٠١٠ | ١٢٢٦ | ٢١.٨٤ | ٣٦٣٢ | ٦٤.٧ | ٧٥٤ | ١٣.٤ | ٥٦١٢ |
| ٢٠١١ | ١٠٦٢ | ٢٠ | ٣٥٤٧ | ٦٧ | ٦٩١ | ١٣ | ٥٣٠٠ |
| ٢٠١٢ | ١٣٦٢ | ٢٤.٥ | ٣٤٧٩ | ٦٢.٥ | ٧٢٩ | ١٣ | ٥٥٧٠ |
| ٢٠١٣ | ٤٧٣٣ | ٣٩.٦ | ٣٠٦١ | ٢٥.٦ | ٤١٣٧ | ٣٤.٨ | ١١٩٣١ |
| ٢٠١٤ | ٤٤٩٥ | ٣٩.٦ | ٢٨٥٨ | ٢٥.٢ | ٣٩٨٨ | ٣٥.٢ | ١١٣٤١ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، بەشی ئامار، ئاماری ژمارەی بریندار بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بەبێ ژمارەی پەڕە.

### خشتەی ژمارە (٢)

### بریندار بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان سالأنی (٢٠٠٩-٢٠١٤)دا




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

خشتەی ژمارە (٢).

ژمارەی گیانلەدەستدان لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمدا جیاوازە وەك لە خشتەی ژمارە (٣)دا دیارە دەبینین:

١-پارێزگای سلێمانی زۆرترین قوربانی هەیە لە سالأنی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٢ پاشان لە دوو سالٔی کۆتایدا ڕێژەی قوربانیان کەم دەکات دەبێتە پلە سێ.

٢-پارێزگای هەولێر بە پلەی دووەم دێت لە چوار سالٔی سەرەتادا لەڕووی ڕێژەی گیانلەدەستدان بە ڕوداوەکانی هاتووچۆ بەلأم لە دوو سالٔی کۆتادا دێتە پلە یەك و ڕێژەکەی زۆر بەرز دەبێتەوە دەبێتە زیاتر لە نیوە.

٣-پارێزگای دهۆك پلەی سێیەمی هەیە تەنها لە سالٔی ٢٠١٤دا دێتە پلەی دووەم.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### خشتەی ژمارە (٣)

### ژمارەی گیانلەدەستدان بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٤)دا

| ساڵ | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆک | ٪ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ١٨٧ | ٣٥ | ٢٥٦ | ٤٨ | ٩٠ | ١٧ | ٥٣٣ |
| ٢٠١٠ | ٢٠٢ | ٣٧ | ٢٥٨ | ٤٧ | ٨٨ | ١٦ | ٥٤٨ |
| ٢٠١١ | ٢١٥ | ٣٧.٦ | ٢٧٨ | ٤٨ | ٨٣ | ١٤.٤ | ٥٧٦ |
| ٢٠١٢ | ١٧٦ | ٣٣.٧ | ٢٢٧ | ٤٣.٤ | ١٢٠ | ٢٢.٩ | ٥٢٣ |
| ٢٠١٣ | ٩٤٠ | ٦٥.٦ | ٢٤٢ | ١٧ | ٢٥٠ | ١٧.٤ | ١٤٣٢ |
| ٢٠١٤ | ٣٦٥ | ٥٠.٦ | ١٧٣ | ٢٤ | ١٨٣ | ٢٥.٤ | ٧٢١ |
| سەرجەم | ٢٢٣٨ | ٤٦.٤ | ١٦٣٤ | ٣٣.٩ | ٩٥٤ | ١٩.٧ | ٤٨٢٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، بەشی ئامار، ئاماری ژمارەی بریندار و مردن بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بەبێ ژمارەی پەڕە.

### شێوەی ژمارە (٣)

### گیانلەدەستدان بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٤)دا




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

خشتەی ژمارە (٣).


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

## باسی دووەم: هۆکارەکانی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ

لەگەڵ ئەوەی گواستنەوەی ئۆتۆمبێل سەرەکیترین هۆکاری گواستنەوەیە لە هەرێمدا و زۆرترین خزمەت بە دانیشتوانەکەی دەگەیێنێت بەڵام دەبێتە هۆی چەندین ڕووداوی و زەرەر گەیاندنی مادی و گیانی بەهاوڵاتیان. لێرەدا مەبەستمانە هۆکارەکان بخەینە ڕوو بەراوردی هۆکارەکان بکەین لە هەر سێ پارێزگاکەدا.

### باسی یەکەم: تیژڕەوی:

سەرەکیترین هۆکاری ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ تیژڕەوی چونکە تیژڕەوی مەترسی ڕووداوەکان چەند ئەوەندە زیاددەکات لە هەموو پێنج کیلۆمەترێك لە کاتژمێرێکدا پاش تێپەڕاندنی (٦٠)کم لە کاتژمێرێکدا بەمانایەکی تر مەترسی ڕووداو لە (٧٠)کم لە کاتژمێرێکدا چوارئەوەندە زیاترە لە مەترسی ڕووداو لە (٦٥)کم لە کاتژمێرێکدا وە هەشت ئەوەندەیە بۆ (٦٠)کم لە کاتژمێرێکدا[٤].

بێگومان چەندەها توێژینەوە هەیە کە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت لەوانە دەستەی نەتەوەی ئەمریکی بۆ سەلامەتی ڕێگاوبان دەڵێت سێ یەکی ڕووداوەکان بەهۆی خێرای زیاد لەڕێگە پێدراوەوەیە. هەروەها کاتێك بەریتانیا لە ساڵی ١٩٩٥دا کامێرای چاودێری لەسەر ڕێگاکان دانا پاش دوو ساڵ تێبینیان کرد ڕێژەی ڕووداوەکان (٧٠٪)کەمیکردووە هەر بۆیە حکومەتی بەریتانی بڕیاریدا زۆرتر گرنگی بەم کامێرایانە بدرێت[٥]. لە هەرێمی کوردستانادا پاش ئەوەی سوود لە توێژینەوە جیهانییەکان وەرگیرا بەباشیان زانی کامێراکانی کۆنترۆڵکردنی تیژڕەوی بێنە ناو هەرێم لە کۆتای ساڵی ٢٠١١دا ئەم کارەیان ئەنجامدا چونکە تاکە هۆکاری بەڵگەدارە بۆ دیاریکردنی خێرای ئۆتۆمبێل کە دوو جۆر کامێرا هەیە یەکەمیان کامێرای گەڕۆك لە شانی ڕێگاکان دادەنرێت لەلایەن کارمەندانی هاتووچۆی هەرێمەوە و شوێنەکەیان بەپێی کات دەگۆڕێت و کامێرای چاودێری جێگیرمان هەیە تاکو ئێستا بڕەکەی کەمەو تەنها لە ناو شارە گەورەکاندا دانراون، ئەم کامێرایانە شوێنەکانیان زانراوە.

هەرێمی کوردستان دوای دانانی ئەم کامێرایانە توانراوە تا ڕادەیەك ڕادەی تیژڕەوی زیاد لەڕێگە پێدراو بزانێت هەرچەندە ئەم بڕە بەپێی پێووست نین چونکە بڕی کامێراکان کەمن بەڵام هەنگاوێکی سەرەتای باشە بەرەو داهاتوو بۆیە پشت بەست بەو داتایانەی کە تۆمارکراون لەلایەن ئەم کامێرانەوە بەراوردی تیژڕوی هەر سێ پارێزگاکە دەکەین وەك لە خشتەی ژمارە (٤)دا دیارە:

١-زۆرترین ڕێژەی تیژڕەوی لە پارێزگای سلێمانیدایە لە ساڵەکانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣دا بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤دا بڕەکەی زۆر دادەبەزێت دەبێتە کەمترین ڕێژە و بڕەکەی دەبێتە سێ یەکەی ساڵانی پێشووتر.

٢-پارێزگای هەولێر لە هەرسێ ساڵەکەدا لە پلەی دووەمدایە لە ڕووی ڕێژەی تیژڕەوییەوە و ساڵ بە ساڵ بڕەکەی کەمی کردووە.

٣-پارێزگای دهۆك پێچەوانەی دوو پارێزگاکەی تر لە سەرەتادا لە پلەی سێیەمدایە بەڵام ساڵ بە ساڵ بڕەکەی زیادیکردووە بە جۆرێك لە ساڵی ٢٠١٤دا بۆتە پلەیەك و ڕێژەکەی زۆر بەرزبۆتەوە بۆتە زیاتر لەنیوەی تیژڕەوی هەرێمی کوردستان.

---

(٤)بەختیار محمد عبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

(٥)سمیر محمد غویبە، مصدر سابق، ص ٩٨-١٠٢.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

### خشتەی ژمارە (٤)

ئاماری کامێراکانی چاودێری تیژڕەوی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی(٢٠١٢-٢٠١٤)دا.

| ساڵ | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆك | ٪ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٢ | ١٥٦٠١١ | ٣٩.٥ | ١٦٨٤٠٠ | ٤٢.٧ | ٧٠١٢٥ | ١٧.٨ | ٣٩٤٥٣٨ |
| ٢٠١٣ | ١٧٤٠٩٤ | ٣٧.٥ | ١٩٨٩٧١ | ٤٢.٩ | ٩١١٥١ | ١٩.٦ | ٤٦٤٢١٦ |
| ٢٠١٤ | ١٥٧٨٣٥ | ٢٧.٣ | ٩١٧٣٨ | ١٥.٩ | ٣٢٧٧٠٧ | ٥٦.٨ | ٥٧٧٢٨٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە:

١- بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

٢-بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، ئاماری بڵاونەکراوە، بەبێ ژمارەی پەڕە.

### شێوەی ژمارە (٤)

ئاماری کامێراکانی چاودێری تیژڕەوی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵانی(٢٠١٢-٢٠١٤)دا.




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

خشتەی ژمارە (٢).

### تەوەرەی دووەم: ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل

ڕێگا بریتییە لە هەر شوێنێك قیرتاوکراو یاخود قیرتاونەکراو ڕێکخراوە بۆ بەکارهێنان بەشێوەیەکی سرووشتی بۆ ئۆتۆمبێلەکان یاخود پیادە[٦]. ئۆتۆمبێلەکان لەسەر ئەم ڕێگایانە هاتووچۆ دەکەن مرۆڤ و شمەك و کەلوپەل دەگوازنەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر. بەڵام ئەم ڕێگایانە هۆکارێکن بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان تاکوو ڕێگاکان کوالیتی و دیزاینیان بەرزبێت و توانای لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێلیان هەبێت ئەگەری ڕووداوەکان کەمدەبنەوە[٧]. لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل یەکێکن لە تەواوکاری بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل. لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا جیاوازی دەبینرێت لە نێوان ڕێگاکاندا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بەڵام هەموویان بەپێی ستانداری عێراقی دروست دەکرێت بۆیە تەنها لەڕووی

(٦)سەباح موفتی، و: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٢، ل٧.

(٧)هاشم محمد نور مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

درێژی ڕێگاکانەوە دەتوانین بەراوردیان بکەین. وەك لە خشتەی ژمارە (٥) و نەخشەی ژمارە (٢)دا دیارە دەبینین:

١-زۆرترین ڕێژەی ڕێگای سەرەکی لە پارێزگای هەولێرە بە ڕێژەی (٤٠.٨٪) و هەرچی پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆك ڕێژەکەیان لەیەکەوە نزیکە بە ڕێژەی (٢٩.٩٪) و (٢٩.٣٪).

٢-بەهەمان شێوەی ڕێگا سەرەکی زۆرترین ڕێگای لاوەکی لە پارێزگای هەولێردایە بە ڕێژەی (٤١.١٪) و پارێزگای دهۆك بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (٣١.١٪) و پارێزگای سلێمانی بەپلەی سێ دێت بەڕێژەی (٢٧.٨٪).

٣- بەشێوەیەکی گشتی زۆرترین ڕێگا لە پارێزگای هەولێردایە بە ڕێژەی (٤٠.٩٪) و پارێزگای دهۆك بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (٣٠.٤٪) و پارێزگای سلێمانی بەپلەی سێ دێت بەڕێژەی (٢٨.٧٪).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بە شێوەیەکی یەکسان دابەشنەبوون بەسەر هەرسێ پارێزگاکەدا زۆرترین ڕێگا لە هەولێرە دەتوانین بڵێین هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەولێر پایتەختە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ڕووبەرەکەی لە دوو پارێزگاکەی تر گەورەترە. بەڵام دەبینین پارێزگای دهۆك بەپلەی دووەم دێت لەکاتێکدا ئەم پارێزگایە لە ڕووی ڕووبەرەوە لە پارێزگای سلێمانی بچوکترەو لەلایەکی ترەوە هەردووکیان هەمان تۆبۆگرافیایان هەیە.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**درێژی ڕێگاکانی ئۆتۆمبیل لە هەرێمی کوردستان**

| پارێزگا | ڕێگای سەرەکی | ٪ | ڕێگای لاوەکی | ٪ | سەرجەم | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٧٧٧.٣ | ٤٠.٨ | ١١٢٤.٥ | ٤١.١ | ١٩٠١.٨ | ٤٠.٩ |
| دهۆك | ٥٥٩.٦ | ٢٩.٣ | ٨٥٢.٤ | ٣١.١ | ١٤١٢ | ٣٠.٤ |
| سلێمانی | ٥٧٠.٢ | ٢٩.٩ | ٧٦١.٨ | ٢٧.٨ | ١٣٣٢ | ٢٨.٧ |
| سەرجەم | ١٩٠٧.١ | ١٠٠ | ٢٧٣٨.٧ | ١٠٠ | ٤٦٤٥.٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری تویژەران پشت بەستن بە:

Kurdistan highway master planm,diagnostics review report, dar al handasa, 2010,p25

پیوانەکردنی درێژی ڕێگا بەپێی پارێزگا بە بەرنامەی Arc gis9.3کراوە.

نەخشەی ژمارە (٢)

ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستانی عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

١- هۆشیار محمد امین خۆشناو، هاشم یاسین حداد، سردار محمد عبدالرحمن، نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر، ٢٠٠٧، پێوەر ١:١٠٠٠٠٠٠.

٢-Kurdistan highway master planm,diagnostics review report, dar al handasa, 2010,p68.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**تەوەرەی سێیەم: زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل:**

ئۆتۆمبێل: (هەر هۆکارێك چەرخدار بێت بەبزوێنەرێکی میکانیکی کاربکات یاخود بەهێزی جەستەی یاخود ڕادەکێشرێت بە ئامرازێك جگە لەوانەی لەسەر هێڵی شەمەندەفەر دەڕوات)[٨].

لە هەرێمی کوردستاندا هیچ یاسایەك نییە تایبەت بەهێنانی ئۆتۆمبێل و کڕین و فرۆشتن پێی بۆیە ساڵانە بە ڕێژەی جیاواز ئەم بڕە زیاد دەکات وە هاوسەنگیش نییە لە نێوان پارێزگاکاندا، ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (٦) بکەین دەبینین:

١-زۆرترین ژمارەی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای هەولێردایە کە نزیکەی نیوەی ئۆتۆمبێل لەو پارێزگایەدایە.

٢- پارێزگای سلێمانی بەپلەی دووەم دێت لە هەموو ساڵەکاندا تەنها لە ساڵی ٢٠٠٩دا بەپلەی سێیەم دێت لە ڕووی ژمارەی ئۆتۆمبێلەوە.

٣- پارێزگای دهۆك بە پلەی سێیەم دێت تەنها لەساڵی ٢٠٠٩دا بەپلەی دووەم دێت.

بەم پێیە بۆمان ڕووندەبێتەوە ساڵانە بڕێکی زۆر ئۆتۆمبێل دێتە هەرێمی کوردستانەوە و هیچ ڕێکخستنێکیش نابنرێت لە هەرێمدا لەڕووی بڕو کوالیتی و تەنانەت لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافیەوە بۆیە ئۆتۆمبێل بۆتە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووداوەکان لە هەرێمدا.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٤)دا**

| ساڵ | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆك | ٪ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٣٣٠٣٣٧ | ٥٣.٥ | ١٣٨٣٥٤ | ٢٢.٤ | ١٤٨٨٨٤ | ٢٤.١ | ٦١٧٥٧٥ |
| ٢٠١٠ | ٣٥٣٩٦٣ | ٥١.٨ | ١٨٦٩٨١ | ٢٧.٤ | ١٤٢٤٤٥ | ٢٠.٨ | ٦٨٣٣٨٩ |
| ٢٠١١ | ٤٩٣١٥١ | ٥٤ | ٢٣١٩٧٠ | ٢٥.٥ | ١٨٦٩٩٨ | ٢٠.٥ | ٩١٢١١٩ |
| ٢٠١٢ | ٤٨٩٠٢٠ | ٥١.٧ | ٢٧٩٠٨٠ | ٢٩.٥ | ١٧٧٦٩٣ | ١٨.٨ | ٩٤٥٧٩٣ |
| ٢٠١٣ | ٥٦١٥٣٣ | ٥١.٦ | ٣٢٣٩٢٥ | ٢٩.٧ | ٢٠٣٣٧٦ | ١٨.٧ | ١٠٨٨٨٣٤ |
| ٢٠١٤ | ٦١١٩٧٠ | ٤٨.٨ | ٤١٩١٤١ | ٣٣.٤ | ٢٢٣٣٩١ | ١٧.٨ | ١٢٥٤٥٠٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، بەشی ئامار، ئاماری ژمارەی ئۆتۆمبێل لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بەبێ ژمارەی پەڕە.

(٨)سەباح موفتی، و: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٢، ل٤.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شێوەی ژمارە (٦)

ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان لە نێوان سالآنی (٢٠٠٩-٢٠١٤)دا




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:
خشتەی ژمارە (٦).

**تەوەرەی چوارەم: مۆڵەتی شۆفێری**

بریتییە لە(بەڵگەنامەی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە کە ئەفسەری مۆڵەت پێدان دەری دەکات)[٩] لەبەرئەوەی تاکو ئێستا تاکە گواستنەوەی ناوخۆ لەهەرێمدا ئۆتۆمبێلە وە کەرتی گواستنەوەی گشتیش کەرتێکی دواکەوتووە لە هەرێمدا بۆیە دانیشتوان ناچارن بۆ زۆربەی بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانیان ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن بۆ ئەم مەبەستەش پێوستیان بە مۆڵەتی شۆفێرییە. بەتێبینی کردنی خشتەی ژمارە (٧) دەبینین:

١- لە ساڵی ٢٠٠٩دا پارێزگای هەولێر بە پلەی یەکەم دێت و پارێزگای سلێمانی بە پلەی دووەم دێت و پارێزگای دهۆك بەپلەی سێیەم دێت لەڕووی ژمارەی مۆڵەتی شۆفێرییەوە.

٢- پارێزگای هەولێر ساڵ بە ساڵ ڕێژەکەی کەم دەکات تا لە ساڵی ٢٠١٤دا دەبێتە پلە دوو هەرچی پارێزگای سلێمانی بە پێچەوانەوەیە ساڵ بە ساڵ ڕێژەکەی زیاد دەکات تا لە ساڵی ٢٠١٤دا دەبێتە پلە یەك .

٣- پارێزگای دهۆك لە پلە سێدا بەدرێژای هەر شەش ساڵەکە و تا ڕادەیەك نزیکییەك هەیە لە ڕێژەی زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لەسەر ئاستی هەرێم.

(٩)سەباح موفتی، و: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ژمارەی مۆڵەتی شۆفێری لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٤)دا**

| ساڵ | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆك | ٪ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٣٢٥٥٧٣ | ٤٥ | ٢٤٦١٦٤ | ٣٤ | ١٥١٩٩٣ | ٢١ | ٧٢٣٧٣٠ |
| ٢٠١٠ | ٣٦٥٢٠٤ | ٤٣.٦ | ٣٠٥٦٠١ | ٣٦.٤ | ١٦٧٢٢٢ | ٢٠ | ٨٣٨٠٢٧ |
| ٢٠١١ | ٤٠٦٦٠٨ | ٤٢.٧ | ٣٦٦٤٩٩ | ٣٨.٥ | ١٧٨٩٦٣ | ١٨.٨ | ٩٥٢٠٧٠ |
| ٢٠١٢ | ٤٤٢٦٩٩ | ٤١.٢ | ٤٢١١٥٠ | ٣٩.٣ | ٢٠٩٨٨٥ | ١٩.٥ | ١٠٧٣٧٣٤ |
| ٢٠١٣ | ٤٧١٤٨١ | ٣٩.٥ | ٤٦٧٤٦١ | ٣٩.١٦ | ٢٥٤٤٨١ | ٢١.٣ | ١١٩٣٤٢٣ |
| ٢٠١٤ | ٤٩٨٣٣٩ | ٣٨.٦ | ٥١٣٤١٧ | ٣٩.٧ | ٢٨٠٨٧٤ | ٢١.٧ | ١٢٩٢٦٣٠ |

بسەرچاوە: کاری توێژەرانان:

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، بەشی ئامار، ئاماری مۆڵەتی شۆفێری لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بەبێ ژمارەی پەڕە.

**شێوەی ژمارە (٧)**

**ژمارەی مۆڵەتی شۆفێری لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٤)دا**




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

خشتەی ژمارە (٧).

## باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافیی ڕووداوەکانی هاتووچۆ

سەرەکیترین کاری جوگرافی ناسەکان خستنەڕووی دابەشبوونی جوگرافی دیاردەکانە، بۆیە بە باشی دەزانین ڕووداو قوربانیانی هاتووچۆ لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگاکە دابەشبکەین. چونکە ڕووبەری ئەم پارێزگایانە لێکدی جیاوازن ئەمە جگە لەوەی ژمارەی دانیشتوانیش جیاوازن بۆیە بەباشی دەزانین شێوازی دابەشبوونی ڕووداو قوربانییەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانیش دیاریبکەین. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم تەوەرەیە دابەش دەکەین :


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## تەوەرەی یەکەم: دابەشبوونی جوگرافیی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەپێی ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکان (قەزا)

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان ڕووبەری هەر ناوچەیەك و ڕوداوەکانی هاتووچۆدا چونکە تا ڕووبەر گەورەتر بێت ئەگەری ئەوەی هەیە ڕێگای ئۆتۆمبێل زۆرتر بێت و گواستنەوە زیاتر بێت لەو ناوچانەدا تا گواستنەوەش زۆرتربێت ئەگەری ڕووداو و قوربانیان زیاد دەکات. لە کاتێکدا یەکە کارگێڕیەکانی هەرێمی کوردستان لە سێ پارێزگا پێکدێت، وە بە پێی لێکۆڵینەوەی جوگرافیمان بۆ دابەشبوونی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل بە پێی یەکە کارگێڕیەکان(پارێزگا) پشتمان بەستووە بە ڕووبەری پارێزگاکان، لە خشتەی ژمارە (٨)دا تێبینی ئەمانەی لای خوارەوە دەکەین:

١-چڕی ڕووداوەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی ڕووبەر زیاتر لە دوو ئەوەندە زیادیکردووە لە ماوەی شەش ساڵدا لە ساڵ ٢٠٠٩دا چڕی ڕووداو (٦.٨)ڕووداو بووە بۆ هەر ١٠٠کم بەڵام لە ٢٠١٤دا بووە بە (١٤.٥)ڕووداو بۆ هەر ١٠٠کم ڕووبەر.

٢- پارێزگای هەولێر کەمترین چڕی ڕووداوی تێدایە لە هەردوو ساڵەکەدا. بڕەکەی زیاتر لە دوو ئەوەندە زیادیکردووە.

٣-پارێزگای سلێمانی بەپلەی دووەم دێت لە ڕووی چڕی ڕووداوەکان بەپێی ڕووبەری پارێزگاکان لە هەردوو ساڵەکەدا. وە ڕێژەکەی زۆر زیادیکردووە لە ساڵی ٢٠١٤دا بووە بەنزیکەی سێ ئەوەندە.

٤-پارێزگای هەولێر بەپلەی سێیەم دێت لە ڕووی چڕی ڕووداوەکان بەپێی ڕووبەری پارێزگاکان لە هەردوو ساڵەکەدا. وە ڕێژەکەی زیادیکردووە لە ساڵی ٢٠١٤دا .

خشتەی ژمارە (٨)

چڕی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکان (پارێزگا) ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٤دا

| پارێزگا | ڕووبەر | ڕووداوەکانی هاتووچۆ | | چڕی ڕووداو( ١ڕووداو/(١٠٠)کم² ی ڕووبەر) | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ |
| هەولێر | ١٣١٦٥ | ٦٧٤ | ١٤٥١ | ٥.١ | ١١ |
| سلێمانی | ١١٦١٨ | ٦٩٠ | ١٩٧٤ | ٥.٩ | ١٦.٩ |
| دهۆك | ٦٥٣٣ | ٧٨٠ | ١١٣٢ | ١١,٩ | ١٧.٣ |
| سەرجەم | ٣١٣١٦ | ٢١٤٤ | ٤٥٥٧ | ٦.٨ | ١٤.٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

١-خشتەی ژمارە (١).

2-http://ar.wikipedia.org.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت چڕی ڕووداوەکان جیاوازە بەپێی پارێزگاکان زۆرترین چڕی لە پارێزگای دهۆکدایە لەگەڵ ئەوەی بچوکترین ڕووبەری پارێزگاکەی پێکهێنانەوە وە سلێمانی بەپلەی دووەم دێت لە ڕووی ڕووبەر و چڕی ڕووداوەکانەوە هەرچی پارێزگای هەولێر لەگەڵ ئەوەی زۆرترین ڕووبەری هەیە بەڵام کەمترین چڕی ڕووداوکانی هەیە لەسەر ئاستی هەرێم. کەواتە دەتوانین بڵێین هاوسەنگی نییە لەنێوان ڕووداوەکان و ڕووبەری پارێزگاکەدا.

لە کاتی بەراوردکردنی بریندار و گیانلەدەستدان بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بە ڕووبەری پارێزگاکان بۆمان دەردەکەوێت:

١-چڕی بریندار زیاترە لە گیانلەدەستدان لە هەموو پارێزگاکاندا.

٢-پارێزگای هەولێر کەمترین چڕی برینداری هەیە لەساڵی ٢٠٠٩دا بەڵام لە ٢٠١٤دا بەپلەی دووەم دێت لە ڕووی چڕی بریندار و ڕێژەکەی زۆر زیادیکردووە نزیکەی ٧ ئەوەندە زیادیکردووە.

٣-پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٩دا زۆرترین برینداری هەیە بەڵام لە ٢٠١٤دا کەمترین چڕی برینداری هەیە.

٤-پارێزگای دهۆك بەپلەی دووەم دێت لە ساڵی ٢٠٠٩دا لەڕووی چڕی بریندار بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤دا زۆر زیادیکردووە بووەتە سێ ئەوەندە و پلەی یەکەمی هەیە لەسەر ئاستی سێ پارێزگاکە.

٥-چڕی گیانلەدەستدان کەمە لە هەرسێ پارێزگاکەدا لە ساڵی ٢٠٠٩دا و زۆرترین چڕی لە پارێزگای سلێمانیدایە.

٦-لەساڵی ٢٠١٤دا بەپێچەوانەوە کەمترین چڕی لە پارێزگای سلێمانیدایە و بە پلەی دووەم لە پارێزگای دهۆك و پارێزگای سلێمانی پلەی یەکەمی وەرگرتووە.

**خشتەی ژمارە (٩)**

**چڕی بریندار و گیانلەدەستدان بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکان (پارێزگا) ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٤دا**

| پارێزگا | ڕووبەر | بریندار | | چڕی بریندار | | گیانلەدەستدان | | چڕی گیانلەدەستدان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ |
| هەولێر | ١٣١٦٥ | ٧٤٥ | ٤٤٩٥ | ٥.٦ | ٣٤.١ | ١٨٧ | ٢٢٣٨ | ١.٤ | ١٧ |
| سلێمانی | ١١٦١٨ | ٢٩٧١ | ٢٨٥٨ | ٢٥.٦ | ٢٤.٦ | ٢٥٦ | ١٦٣٤ | ٢.٢ | ١٤ |
| دهۆك | ٦٥٣٣ | ١٤٧٣ | ٣٩٨٨ | ٢٢.٥ | ٦١ | ٩٠ | ٩٥٤ | ١.٤ | ١٤.٦ |
| سەرجەم | ٣١٣١٦ | ٥١٨٩ | ١١٣٤١ | ١٦.٦ | ٣٢.٢ | ٥٣٣ | ٤٨٢٦ | ١.٧ | ١٥.٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

١-خشتەی ژمارە (٢).

٢-خشتەی ژمارە (٨).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**تەوەرەی دووەم: شێوازی دابەشبوونی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل بە پێی ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕیەکان (قەزا).**

دانیشتوان ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل بەکاردەهێنن بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان چا چالکی ئابووری بێت یان کۆمەڵایەتی، لە لایەکی ترەوە هەر ناوچەیەك ڕێگای باش و گونجاوی هەبێت دەبێتە هۆی ڕاکێشانی دانیشتوان و جوڵەی دانیشتوان لەو ناوچانەدا زیاد دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێن پەیوەندی توند هەیە لەنێوان جولچەی دانیشتوان و ژمارەی دانیشتواندا کە ئەم پەیوەندییە ئەگەری ئەوەی هەیە بڵێن تا ژمارەی دانیشتوان زیاد بکات دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕووداوەکانی هاتووچۆ و بوونی قوربانی لە ناوچەکەدا.

بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم ڕاستیە بەراوردی هەرسێ پارێزگاکە دەکەین لە نێوان ژمارەی دانیشتوان و ڕووداوەکان و بریندار و گیانلەدەستداندا وەك لە خشتەکانی ژمارە (١٠) و (١١) دا دیارە دەتوانین بڵێن:

١-لە ساڵی ٢٠٠٩دا دەبین بە پێچەوانەوەیە کەمترین ڕێژەی دانیشتوان لە پارێزگای دهۆکدایە بەڵام زۆرترین چڕی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لەو پارێزگایەدایە.

٢-هەر دوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی هەمان چڕیان هەیە لە ڕووی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوان لە هەردوو پارێزگاکەدا جیاوازە لە ساڵی ٢٠٠٩دا.

٣-هەرسێ پارێزگاکە ژمارەی دانیشتوانیان زیادیکردووە هەروەها ژمارەی ڕووداوەکانیش زیادیکردووە بەڵام بەڕێژەی زیاتر لە ژمارەی دانیشتوان.

خشتەی ژمارە (١٠)

چڕی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکان (پارێزگا) ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٤دا

| پارێزگا | دانیشتوان | | | | ڕووداوەکانی هاتووچۆ | | چڕی ڕووداو (١ڕووداو/(١٠٠)دانیشتوان) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٠٠٩ | ٪ | ٢٠١٤ | ٪ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ |
| هەولێر | ١٧٠٦١٨٢ | ٣٦.٦ | ١٩٥٧٤٨٦ | ٣٦.٨ | ٦٧٤ | ١٤٥١ | ٠.٠٤ | ٠.٠٧ |
| سلێمانی | ١٧٨٤٨٥٣ | ٣٨.٣ | ١٩٩٥٤٣٩ | ٣٧.٤ | ٦٩٠ | ١٩٧٤ | ٠.٠٤ | ٠.١ |
| دهۆك | ١١٧١٢٣١ | ٢٥.١ | ١٣٧٩٦٧٥ | ٢٥.٨ | ٧٨٠ | ١١٣٢ | ٠.٠٧ | ٠.٠٨ |
| سەرجەم | ٤٦٦٢٢٦٦ | ١٠٠ | ٥٣٣٢٦٠٠ | ١٠٠ | ٢١٤٤ | ٤٥٥٧ | ٠.٠٥ | ٠.٠٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

١-خشتەی ژمارە (١).

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، بڵاوکراوە، ٢٠١٤، ل٥.

٤-لە ساڵی ٢٠١٤دا زۆرترین چڕی ڕووداوەکان بەراورد بە دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانیدایە و پارێزگای دهۆك بە پلەی دووەم دێت هەرچی پارێزگای هەولێرە بەپلەی سێیەم دێت.

٥-لە ساڵی ٢٠٠٩دا زۆرترین چڕی بریندار لە پارێزگای سلێمانیدایە و پارێزگای دهۆك بەلەی دووەم و پارێزگای هەولێر بەپلەی سێیەم دێت بەڵام بە پێچەوانەوە لە ساڵی ٢٠١٤دا پارێزگای سلێمانی کەمترین چڕی برینداری تێدایە بەراورد بەژمارەی دانیشتوان و پارێزگای هەولێر لە پلە دوو دایە هەرچی پارێزگای دهۆکە زۆرترین چڕی برینداری تیادایە.

٦-سەبارەت بە گیانلەدەستدان لە ساڵی ٢٠٠٩دا هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر هەمان چڕیان هەیە و پارێزگای دهۆك کەمترین چڕی هەیە. لە ساڵی ٢٠١٤دا پارێزگای هەولێر زۆرترین چڕی هەیە و پارێزگای سلێمانی بەپلە دوو و پارێزگای دهۆك بەپلەی سێیەم دێت.

**خشتەی ژمارە (١١)**

**چڕی بریندار و گیانلەدەستدان بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکان (پارێزگا) ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٤دا**

| پارێزگا | دانیشتوان | | بریندار | | چڕی بریندار | | گیانلەدەستدان | | چڕی گیانلەدەستدان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٤ |
| هەولێر | ١٧٠٦١٨٢ | ١٩٥٧٤٨٦ | ٧٤٥ | ٤٤٩٥ | ٠.٠٤ | ٠.٢ | ١٨٧ | ٢٢٣٨ | ٠.٠١ | ٠.١ |
| سلێمانی | ١٧٨٤٨٥٣ | ١٩٩٥٤٣٩ | ٢٩٧١ | ٢٨٥٨ | ٠.٢ | ٠.١ | ٢٥٦ | ١٦٣٤ | ٠.٠١ | ٠.٠٨ |
| دهۆك | ١١٧١٢٣١ | ١٣٧٩٦٧٥ | ١٤٧٣ | ٣٩٨٨ | ٠.١ | ٠.٣ | ٩٠ | ٩٥٤ | ٠.٠٠٧ | ٠.٠٧ |
| سەرجەم | ٤٦٦٢٢٦٦ | ٥٣٣٢٦٠٠ | ٥١٨٩ | ١١٣٤١ | ٠.١ | ٠.٢ | ٥٣٣ | ٤٨٢٦ | ٠.٠١ | ٠.٠٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

١-خشتەی ژمارە (١).

٢-خشتەی ژمارە (١٠).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**دەرئەنجام:**

١-ڕووداوەکانی هاتووچۆ بە شێوەیەکی ئەندازەی دابەشنەبووە بەسەر هەر سێ پارێزگاکەدا هەر ساڵێك پارێزگایەك زۆرترین ڕووداوی هەیە.

٢- بەهەمان شێوەی ڕووداوەکان برندار و قوربانیانی هاتووچۆ جیاوزە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر لە پارێزگاکاندا هەر پارێزگایە و ساڵێك زۆرترین ڕووداوی هاتووچۆی هەیە.

٣-لە سەرەتادا زۆرترین ڕێژەی تیژڕەوی لە پارێزگای سلێمانیدایە بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤دا زۆرترین ڕێژەی تیژڕەوی لە پارێزگای دهۆکدایە و پارێزگای هەولێر لە پلە دوو دایە بە درێژای هەر سێ ساڵەکە.

٤- بەشێوەیەکی گشتی زۆرترین ڕێگا لە پارێزگای هەولێردایە بە ڕێژەی (٤٠.٩٪) و پارێزگای دهۆك بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (٣٠.٤٪) و پارێزگای سلێمانی بەپلەی سێ دێت بەڕێژەی (٢٨.٧٪).

٥- زۆرترین ژمارەی ئۆتۆمبێل لە پارێزگای هەولێردایە کە نزیکەی نیوەی ئۆتۆمبێل لەو پارێزگایەدایە و پارێزگای سلێمانی بەپلەی دووەم دێت و پارێزگای دهۆك بە پلەی سێیەم دێت.

٦- لە ساڵی ٢٠٠٩دا پارێزگای هەولێر زۆرترین مۆڵەتی شۆفێری هەبووە و پارێزگای سلێمانی بە پلەی دووەم دێت بەڵام وردە وردە ڕێژەکانیان پێچەوانە بۆتەوە تا لە ساڵی ٢٠١٤دا پارێزگای سلێمانی بۆتە پلە دوو. پارێزگای دهۆك لە پلە سێدا بەدرێژای هەر شەش ساڵەکە و تا ڕادەیەك نزیکییەك هەیە لە ڕێژەی زیادبوونی مۆڵەتی شۆفێری لەسەر ئاستی هەرێم.

٧-چڕی ڕووداوەکان بەپێی ڕووبەری پارێزگاکان زیادیکردووە لە ماوەی شەش ساڵدا چڕیەکە بۆتە دوو ئەوەندە و جیاوازە بەپێی پارێزگاکان پارشێزگای دهۆك زۆرترین چڕی هەیە.

٨- جیاوازی چڕی قوربانیان بەڕووداوەکانی هاتووچۆ هەیە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر و لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر.

**پێشنیار:**

١-لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێت لەسەر ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەتایبەت لە ڕووی کات و شوێنەوە و ئەو جیاوازیە کاتی و ناوچەییانە بخرێتە ڕوو کە دەبێتە هۆی ڕوودانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ.

٢-هۆکارەکانی تیژڕەوی بخرێتە ڕوو ئەو جیاوازیانەی کە دەبینرێت لە نێوان هەر سێ پارێزگاکەدا لە کاتێکدا دانیشتوانی هەر سێ پارێزگاکە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لە ڕووی ڕێژەی نەتەوە و ئاین و شارستانی کۆمەڵایەتی کەواتە چۆن دەبێت ئەو جیاوازییە گەورەیە ببینرێت لە ڕووی تۆمارکردنی تیژڕەوی یان ئەمە بەڕێی تردا براوە و مەبەستی تری لەپشتەوەیە.

٣-جیاوازینەکردن لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە لە نێوان هەرسێ پارێزگاکەدا واتە بەپێی پێووست بڕی ڕێگای ئۆتۆمبێل درووستبکرێت تیاندا.

٤-دانانی یاسایەکی گشتگیر بۆ هێنانی ئۆتۆمبێل و بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل بۆ هەر سێ پارێزگاکە و گرنگیدان بە گواستنەوەی گشتی و پێشخستنی بەجۆرێك وا لە هاوڵاتیان بکرێت کەمترین ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن.

٥-پەیڕەوکردنی یاسای جیهانی و پێشکەوتوو بۆ پێدانی مۆڵەتی شۆفێری تاکوو بتوانرێت شۆفێرێکی کارامەو لێهاتوو بخرێتە سەر شەقامەکان و دانانی یاسایەکی پتەو بۆ لێپێچینەوەی ئەو هەڵانەی شۆفێر ئەنجامی دەدەن.

٦-گرنگیدان بە ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان لە ڕووی زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و ڕێگا و شۆفێرە بۆ ئەوەی هاوسەنگیەك ڕبگیرێت لە نێوان بەکاهێنەران و ئەو ڕووبەرەی هەیە لە ناوچەکەدا.


**سەرچاوەکان:**

**یەکەم:عەرەبیەکان:**

**أ-کتێب:**

١- غويبه،سمير محمد، حوادث الطرق الحرب المفتوحة المشكلات و الحلول، دار زهران، الآردن، ٢٠٠٨.

**دووەم: کوردیەکان:**

**أ-کتێب**

٢- عبدوڵڵا، بەختیار محمد، بۆسەکانی مەترسی ڕووداوەکانی هاتووچۆ،چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٩.

٣- کەریم، ئەحمەد ڕەفیق، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا)،چ١، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠١٤.

٤- مەدەنی، هاشم محمد نور، ڕووداوەکانی هاتووچۆ، و: هەڵکەوت عبدالله، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

٥- موفتی، سەباح و: مەسیفی، کاوانی ئەنوەر، یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤، چ١، چاپخاانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٢.

**ب- فەرمانگە حکومییەکان**

٦-بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەشی ڕاگەیاندن، ئاماری بڵاونەکراوە.

٧-بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی هەرێم، بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە.

٨-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ڕاپۆرتی پێشبینی دانیشتوانی هەرێم بۆ ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، بڵاوکراوە، ٢٠١٤، ل٥.

**سێیەم: سایتی ئەلیکترۆنی**

http://ar.wikipedia.org/wiki-9

Kurdistan highway master planm,diagnostics review report, dar al handasa, 2010 - 10

**چوارەم: ئەتڵەس**

١١- خۆشناو، هۆشیار محمد امین، و حداد، هاشم یاسین، و عبدالرحمن، سردار محمد، نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر، ٢٠٠٧، پێوەر ١:١٠٠٠٠٠٠.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پوختە

ڕووداوەکانی هاتووچۆ بریتین لەو ڕوداوانەی ڕوودەدەن لەسەر ڕێگا و شەقامەکان لەکاتی پێکدادانی ئۆتۆمبێلێك بە ئۆتۆمبێلێکی تر یان مرۆڤێك یان ئاژەڵێك یان هەر پیادە و شمەکێك، بێکومان ئەم ڕووداوانە زیانی گیانی و مادییان لێدەکەوێتەوە، هۆکاری ڕوودانی ئەم ڕووداوانە جۆراوجۆرن لە گرنگترینیان خێرایی و بێئاگایی شۆفێرە لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و شێوازی ڕێگاکان و ئەو یاسایەی پەیڕەو دەکرێت لە بەڕێوەبردنی هاتوچۆ لەسەر ڕێگاکان و سروشتی جوگرافیای سروشتی و مرۆیی ناوچەکە، هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی ساڵانە ژمارەیەکی زۆر ڕووداوی هاتوچۆی تێدا تۆمار دەکرێت بەهۆکاری جۆراوجۆر، بۆیە ئێمە لێرە بە باشمان زانی دابەشبونێکی جوگرافی بۆ ڕووداوەکانی هاتوچۆ بکەین لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.



## الملخص

حوادث المرور عبارة عن الحوادث التي تحدث في الطرق و الشوارع نتيجة اصطدام السيارات مع بعضهاالبعض او نتيجة اصطدام السيارة مع اشخاص او مع الكتل المختلفة او نتجية انقلابات السيارة في الطرقات لاسباب مختلفة او نتيجة انقلاب السيارة في الطرقات لاسباب مختلفة و ينتج عن تلك الحوادث خسائر جسيمة(روحية و مادية)، و يعزي حدوث تلك الحوادث الى اسباب عديدة اهمها عاملي(السرعة و عدم نتباه سواق المركبات اثناء السير و كذالك بسبب سؤ نوعية الطرق المستخدمة والقوانين والنظم المتبعة لادارة عملية السير، كذالك هناك تأثير للظروف الجغرافية(الطبيعة و البشرية)للمختلفة علي الحوادث.

وتحدث سنويا عدد كبير من الحوادث ف اقليم كوردستان نتجية للاسباب انفه الذكر و تشكل تلك الحوادث اعباء ماديا على ميزانية الاقليم، و نتيجة لأهمية الموضوع اخترنا موضوع الدراسة(حوداث المرور ف اقليم كردستان)حتى ندرس حوادث المرور على مستوى محافظات اقليم كوردستان.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Abstract

Traffic accidents are accident that happened on the street when the automobile conflict another car or people or animal or pedestrian and goods. Of course that accident brings about moral damage and material damage. There are a lot of reason for happening accidents such as speed, subconscious, street style, law and the natural geography of the region. The Kurdistan region is a place that there are lots car accidents happens; we have studied geography of distribution of traffic accidents above governorates of Kurdistan region .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)